


# عەتا نەهایی: سەرەتا وام دەزانی ناکرێ بە زمانی کوردی چیرۆکی مۆدێرن بنووسرێت!

## گفتوگۆ لەگەڵ عەتا نەهایی-دا

**سازدانی: رەزا ئەسکەندەری**
**لە فارسییەوە: حەمە قادر**

«کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی نەریتییە، خەڵکی کورد و تەنانەت تێکۆشەر و خەباتکارانی رێگەی ئازادیش، هێشتا پابەندی نەریتەکانن، نەریتی پیاوسالاریی پیاو و باوک و مێرد لەسەر ژن. لەم نەریتە بە رواڵەت پیاو و مێرد و باوکسالارەدا، ئەوەی کە سالاری راستەقینەیە، نە ژنە و نە پیاو، بەڵکو خەنجەرە. خەنجەرێک کە چەندان سەدە و هەزارەی بەر لە ئێستا، لە خاکدا نێژراوە...».

لە کولتووری خۆرهەڵات و بەتایبەتی کوردەکاندا، عەشق هیچ ئەنجامێکی نەبووە، جگە لە سەرهەڵگرتن بەرەو بیابان و بوون بە فەرهادی بێستوون. هەر لەم ئاستەوە نووسەری دیار و هاوچەرخی کورد (عەتا

# مرۆڤ بە بێ عیشق پارچە بەردێکی نالەبارە، کە بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی دیوارێکیش ناشێت

نەهایی) کە خۆیشی بە گۆشت و خوێن و پێست ئەم کولتوورەی ئەزموون کردووە، لە ڕۆمانەکانیدا ئەم عەشقە بێ ئەنجامانەی نووسیوەتەوە.

لە ڕۆمان و کورتە چیرۆکەکانی ئەم نووسەرەدا پەیوەندیی خۆشەویستیی نێوان مرۆڤەکانی کۆمەڵگەکەی، کە هەر خەڵکی شار و گوندەکان، خەڵکی ئاسایی و سیاسییەکانی میللەتی کوردن، بە دید و نووسینێکی جوانەوە خسووەتە سەرکاغەز. واتە ئەو پەیوەندییە عاشقانەیەی کە بەداخەوە زۆربەی جار مەحکوم بووە بە شکست. پرسیاری زۆرێک لە ڕەخنەگرانی ئەم ڕۆماننووسە بریتییە لە (بۆچی؟)یەتیی ئەم شکستە و ناکامییەکانە؟ ئایا کولتووری میللەتێک کە ئەو دەیکاتە خۆراکی ئەدەبەکەی، گەشەپێدەری ڕەشبینی و نەهلیزمە، یاخود واقیعی ئەم سەرزەمینەیە بە جۆرێکی ترە؟

بۆ ئەوەی باشتر و زیاتر لەگەڵ کار و ئەزموونە ئەدەبییەکانی ئەو و ڕۆڵی خۆشەویستی لە ژیانی ئەم میللەتە ئاشنا ببین، دەڕۆین بەرەو بانە، تا لە زمانی عەتا نەهایی، نووسەر و ڕۆماننووسی کورد کە ساڵی ١٩٦٠ لە شاری بانەی کوردستان لەدایکبووە، گوێمان لەم نهێنییە شاراوەیە بێت.

بەڕێز نەهایی تا ئێستا سێ کۆمەڵە چیرۆک و سێ ڕۆمانی بە زمانی کوردی بڵاوکردووەتەوە. بەدەر لەمەش چەند بەرهەمێکی چیرۆکنووسە بەناوبانگەکانی ئێران و جیهانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. بۆ ئەوەی گەنجان و نەوەی داهاتوو هان بدات بنووسن، چەندین وتاری بە زمانی کوردی دەربارەی تەکنیکی چیرۆکنووسین و ڕەخنەی چەندین چیرۆک لە گۆڤارە بەناوبانگە ئەدەبییەکان نووسیوە و بڵاوی کردووەتەوە. ئەو سەرۆکی کۆمەڵەی زانستی زمانی کوردییە لە ئێران. بەڕێز نەهایی ساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی (ئاراس)ەوە وەک نووسەری هەڵبژێردراو خەڵاتی ئەدەبیی ئاراسی وەرگرت. هەروەها لە دوانزەهەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ لە سلێمانی ساڵی ٢٠٠٨ خەڵاتی زێڕینی (هەردی)ی پێ بەخشرا، ئێستا لێی دەپرسین:

***بەڕێز نەهایی خۆتان بە بینەران و بیسەران بناسێنن، لە چ خێزانێک گەورە بووی و بۆچی بووی بە نووسەر؟**

-من ساڵی ١٩٦٠ لە شاری بانەی کوردستان لە خێزانێکی کرێکار لەدایکبووم. باوکم کرێکاری کۆمپانیای جگەرە بوو، بە کرێیەکی ڕۆژانە و دوای بیست ساڵ لە کارەکەی دەرکرا. ئەوەی لە تەمەنیشی مایەوە بە وردەفرۆشی و دوکانداری و جوتیاری و باخداری بەسەری برد. دایکیشم ژنێکی لەخۆبردوو و میهرەبان و زەحمەتکێش بوو. هونەرمەندێکی سوفاڵگەر، گۆزەکارێکی ئاشنا بەخاک، لە قەبیلەی ئەو کەسانەی کە هەر بە بینین خاک دەکەن بە کیمیا. ئەو تۆزقاڵە بیرەوەرییەی کە لە منداڵیم ماوەتەوە، بیرەوەریی میهرەبانیی ئەم دوو مرۆڤە شەریفەیە، کە هەموو بوونی من تەڕبوو بە خۆشەویستییان و ئێستاش وایە و هەرواش دەبێت، تا قیامەت. لە پەنجا ساڵی تەمەنم، چل و هەشت ساڵی لە بانە ژیاوم. چل و چوار ساڵی لە ماڵێکی کۆن، کە ماڵی باوکم بوو، بە بێ باوکیش. دوو ساڵی ئەم نیو سەدەیەش لە وەرامین، لە



باوکم کرێکاری کۆمپانیای جگەرە بوو، بە کرێیەکی ڕۆژانە و دوای بیست ساڵ لە کارەکەی دەرکرا. ئەوەی لە تەمەنیشی مایەوە بە وردەفرۆشی و دوکانداری و جوتیاری و باخداری بەسەری برد. دایکیشم ژنێکی لەخۆبردوو و میهرەبان و زەحمەتکێش بوو. هونەرمەندێکی سوفاڵگەر، گۆزەکارێکی ئاشنا بەخاک، لە قەبیلەی ئەو کەسانەی کە هەر بە بینین خاک دەکەن بە کیمیا



قوتابخانەی ئامادەسازی خوێندوومە، بەو هیوایەی ببمە مامۆستا، وەک سەمەد بێهرەنگی لە گوندەکان منالآن فێری خوێندەواری بکەم. (بابە ئاوی پێدام... بابە نانی پێدام... بابە هەناری پێدام)* و دایکم هیچی پێ نەدام. مامۆستایەتیی من تەنها دوو ساڵی خایاند. دوو ساڵیش چاوەڕێی خزمەتی سەربازی و دواتریش لە ساڵە پڕ لە ئاشوبەکانی دوای شۆڕشی ئیسلامی تەسفیە کرام. وەک بڵێی شایستەی مامۆستایەتی نەبووم. رەنگە لەبەر ئەوەی بووبێ منالآنی گوند پێیان نە دەوتم (خاڵە عەتا)، وەکو برا و خوشکە گەورەکانیان، وەکو باوک و دایک و تەنانەت باپیرە و داپیرەکانیان، کە بە گەنجێکی نۆزدە بیست سالآنەی وەک منیان دەوت (خاڵە گیان).

دوای دەرکرانم لە مامۆستایەتی، ویستم بڕۆمە زانکۆ، بەڵام کەوتمە زیندان. کاوانی کوڕم لە سێ مانگیدا منی لە زیندان بینی. سێ چوار مانگ لەوێ مامەوە و دواتر ئازاد کرام. بێ ئیش و کار، بۆ تێرکردنی ژن و منالەکانم لە سالآنی سامناکی دوای شۆڕش، لە سالآنی پڕ لە ئاشوبی جەنگ و ئاوارەیی، هەموو کارێکم کردووە. بە وردەفرۆشیی سەرجادەوە دەستم پێکرد، دواتریش دوکانێکی بچکۆلە، دوای ئەوەش کرێی نیوەی ئەو دوکانە بۆ سەرپەنای خۆم. دواجاریش کرێی هەموو دوکانەکە کە لە یانزە مەتر چوارگۆشە کەمتر بوو، دوکانی وردە شتی وەک موورو و ملوانکەی ژنانم کردەوە، دوکانی خواردەمەنی، شەربەتفرۆشی... دواتر مێردمناڵێکم بۆ شاگردی دوکانەکە دانا و خۆم گەڕامەوە بۆ ماڵەوە بۆ ئەوەی بنووسم، واتە تەنها کارێکە، کە ئەوسا و ئێستاش حەزم لێیەتی.

لەسەرەتادا، لە ساڵی یەکەمی ئامادەیی، بە شیعر دەستم پێکرد. شیعری عاشقانە بە زمانی کوردی، کە قەدەغە بوو. یەکەمین چیرۆکم زستانی ١٩٧٦ لە دانشسەرای وەرامین بە زمانی فارسی نووسی. چیرۆکێکی درێژ بوو بەناوی تۆڵەسەندنەوە لە هەژاری. چیرۆکی مێردمناڵێکی هەژار، کە نیوەشەوان دەڕۆیشتە ماڵی مامە دەوڵەمەندەکەی و هەموو کەلوپەلی جوانکاری و گرانەکانی ماڵەکەی وردوخاش دەکرد و هەڵدەهات. چیرۆکێکی تاڕادەیەک درێژبوو، لە چل پەنجا لاپەڕەدا، کە بەرگیشم بۆی دروستکردبوو. وێنەی لەپی دەستێک کە (پێنج ریاڵ)ییەکی لەسەر بوو، شاکارێک کە ئیلهامەکەیم لەو ریالآنەوە وەرگرتبوو، کە مامە دەوڵەمەندەکەم پێی دەدام!!! باوکم پێی وتبووم لێی وەرنەگرم، منیش وەرم نەدەگرت، مامم فرێی دەدایە سەر زەوی و دەڕۆیشت، کاتێ دوور ئەکەوتەوە پارەکەم هەڵدەگرت و دەڕۆیشتم بۆ سینەما. نەورۆزی ئەو ساڵە کە بۆ پشوو گەڕابوومەوە بۆ بانە، شاکارە ئەدەبی و هونەرییەکەم لە لۆکەری شەخسیی خۆم، بەجێهێشتبوو، کاتێ گەڕامەوە بۆ وەرامین، کتێبەکەم بە دەست لێپرسراوی بەشە ناوخۆییەکەمانەوە بینی. پیاوێکی کەڵەگەت و ریشن، کە هەموو لێی دەترسان. هەر کە منی بینی کتێبەکەی فرێ دا بە سەروچاومدا و زللەیەکیشی لێدام، بردمی بۆ ژوورەکەی و دەستی کرد بە ئامۆژگاریکردنم: «ئەم شتە قۆڕانە چین نووسیوتن؟ ئەم دروشمە بۆشانە چین؟ ئەتەوێ خۆت بەدبەخت بکەی؟ ئەتەوێ لە دانشسەرا دەرتبکەن؟ ئیتر نەتبینمەوە ئەم قسە زلانە بکەی و بنووسیت...»

بەداخەوە یان بە خۆشحاڵییەوە، یان نازانم






چی، گوێم لە ئامۆژگارییە دڵسۆزانەکەی نەگرت و لە نووسین بەردەوام بووم. شیعر، شانۆنامە، چیرۆک... یەکەمین چیرۆکم بە زمانی کوردی ساڵی ١٩٨٤ یان ڕەنگە ٨٥ نووسی. واتە ئەوکاتەی کە تەنها یەک کۆمەڵە چیرۆکم بەم زمانە خوێندبووەوە. تەنها کۆمەڵە چیرۆکێک کە ئەوکات لەبەردەستم بوو، «پێکەنینی گەدا»ی حەسەن قزڵجی بوو، کە ساڵانێک پێش سەفەر نووسیبووی. هەموو چیرۆکەکانی ئەم کۆمەڵەیەم سەرلەنوێ بە شێوەی شانۆنامەی ڕادیۆیی نووسییەوەو لەگەڵ چەند هاوڕێیەکم تۆمار و پێشکەشمان کردو لەو گوندانەی کە وانەمان تیا دەوتەوە پەخشمان کردبوو. ئەم کارەی پاڵنەری ئەوەی بۆ دروستکردم کە خۆم بە زمانی کوردی چیرۆک بنووسم. نووسینی چیرۆک لەوکاتەدا بە زمانی کوردی زۆر سەخت بوو. بە تایبەت بۆ من کە نەمدەویست وەک حەسەن قزڵجی بنووسم. من چیرۆکی زۆرم بە زمانی فارسی لە چیرۆکی ئێرانی و بیانی خوێندبووەوە. چیرۆکی زۆر جیاواز لە کارەکانی قزڵجی. چیرۆکی شار بە بابەتی شار و زمان و فۆرم و شێوازی نوێ. من دەمویست لەم جۆرە چیرۆکانە بنووسم. بە زمانی فارسی ئەمتوانی، بەڵام بە کوردی نا. کارێکی زۆر قورسبوو، زۆر قورس. لە سەرەتادا وام دەزانی ناکرێ بە زمانی کوردی چیرۆکی مۆدێرن بنووسرێت، وا بیرم دەکردەوە ئەم زمانە توانایی ئەم کارەی نییە. بەڵام زوو تێگەیشتم کێشەکە زمان نییە. واتە زیاد لەوەی زمانەکە بێت، خۆم بووم. من فارسیم باشتر دەزانی لە کوردی. کوردیم هەر لەئاستی قسەکردن ئەزانی. هەڵبەت بە زمانی کوردی شیعری زۆرم خوێندبوویەوە، چیرۆکیشم خوێندبووەوە، دواتریش زیاترم خوێندەوە. بەتایبەت نووسەرانی کوردی عیراقی. ئەوان ساڵانێکی زۆر بوو بە کوردی دەیاننووسی و بەرهەمیان بڵاودەکردەوە، بەڵام تا زیاتر دەمخوێندەوە، زیاتر تێدەگەیشتم کە نامەوێ و حەز ناکەم وەکو ئەوان بنووسم. زۆری خایاند تا فێری زمانی دایک بووم و بەم زمانە چیرۆکێک بنووسم کە خۆم حەزم لێی بێت. یەکەمین چیرۆکم وابزانم ساڵی ٨٩ لە تاکە گۆڤاری کوردی لە ناو ئێران بڵاوکردەوە. چیرۆکێکی جیاواز لەوانەی کە تا ئەوکات لەو گۆڤارەدا بڵاودەکرایەوە. باش پێشوازیی لێ کرا. دوابەدوای ئەوە دوو چیرۆکم لە دوو گۆڤاری کوردیی ئەورووپا (خەرمانە و مامۆستای کورد) بڵاوکردەوە. ئێستا ئیدی بەو سێ چیرۆکە نووسەرێکی گەنجی بەناوبانگ بووم. چەند خوێندنەوە و ڕەخنەیەکی تاڕادەیەک بۆ ئەوکاتە باش، لەسەر کارەکانم نووسران. ساڵی ١٩٩٢ یەکەمین کۆمەڵە چیرۆکم لە دووتوێی کتێبێکدا، کە یەکەمین کۆمەڵە چیرۆکی دوای شۆڕشیش بوو، بڵاوکردەوە. (زریکە) و دواتریش (تەنگانە) و دواتریش ڕۆمانی (گوڵی شۆڕان) و دوای ئەوەش.... تا دەگاتە ئەمڕۆ.

***لە بەرهەمەکانی ئێوەدا شوێنگەی خۆشەویستی و بەخشین و وەرگرتنی کاریگەریی دوولایەنەی ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، زۆر بەرچاو دەکەوێت، بۆچی؟**

-خۆشەویستی هەموو شتێکی مرۆڤە. مرۆڤ کاتێ ئاشق نەبێت بوونی نییە. یاخود بوونی خیانەتە لە ئامادەبوونی لەم جیهانەدا. مرۆڤ بە بێ عیشق پارچە بەردێکی نالەبارە کە بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی دیوارێکیش ناشێت. بەڵام هۆکاری ئەوەی کە من

من چیرۆکی زۆرم بە زمانی فارسی لە چیرۆکی ئێرانی و بیانی خوێندبووەوە. چیرۆکی زۆر جیاواز لە کارەکانی قزڵجی. چیرۆکی شار بە بابەتی شار و زمان و فۆرم و شێوازی نوێ. دەمویست لەم جۆرە چیرۆکانە بنووسم. بە زمانی فارسی ئەمتوانی، بەڵام بە کوردی نا. کارێکی زۆر قورسبوو، زۆر قورس



بۆچی ئەم بابەتە لە چیرۆکەکانمدا زۆرە، هەندێکیان شەخسییە، گرنگتریان ئەوەی کە (لە دەنگی عیشق خۆشترم نەبیستوە)** و هەندێکیشیان کۆمەڵایەتین. بە باوەری من چیرۆک گێڕانەوەی ژیانە. گێڕانەوەی ژیانی مرۆڤ و پەیوەندییەکانیان. نووسەر کاتێ سەرقاڵی ژیان و پەیوەندیی مرۆڤەکان دەبێت، ناچار دەگاتە عەشق. لای من عیشق تەنها بابەتێک نییە. ئەگەر وابووایە دەبوو چیرۆک و رۆمانی عاشقانەی رۆمانسیم بنووسیایە. لای من عیشق بارودۆخە. بارودۆخێکی تایبەت کە تیایدا مرۆڤەکان هەموو دەمامکە دیار و نادیارەکانی خۆیان لە رووخسار هەڵدەماڵن و رووت دەبنەوە. بە لەشی رووت و گیانی رووتەوە لە خەڵوەت و ناو کۆمەڵدا دەردەکەون. دەرفەتی تەماشا دەدەن بە گێڕەرەوە. دەرفەتی ئامادەیی، رۆچوون بەناو زیهن و دەرووندا، بە رابردوو و ئێستادا. تا شاهید بێت و شایەتی بدات. تا بگێڕێتەوە.

***لە زۆربەی رۆمان و چیرۆکەکانی ئێوەدا پرۆسەی عیشق، پرۆسەیەکی ناکامە، بەتایبەت لە سێ رۆمانی (گوڵی شۆڕان، باڵندەکانی دەم با و گرەوی بەختی هەڵاڵە)، زۆر بە روونی بەرچاو دەکەوێت، لەم بارەوە کەمێک زیاترمان بۆ باس بکە؟**

-هۆکاری ناکامی لە پەیوەندیی عاشقانەی کەسایەتیی چیرۆکەکان و بە تایبەت رۆمانەکانم، قسەی زۆر هەڵدەگرێت. یەکەم ئەوەی ئەم کەسایەتییانە تەنها لە پەیوەندیی سۆزداری و عاشقانەکانیاندا ناکام نین، ئەمانە لە هەموو ژیانیان نەگەیشتوونەتە مەبەستی خۆیان. ئەسڵەن حیکایەتی ژیانیان حیکایەتی ناکامی و نەگەیشتنە بە مەبەست. ئەمەش تا رادەیەکی زۆر پەیوەندیی بە هەلومەرجی ژیانیان و هەلومەرجی ئەو کۆمەڵگەیەوە هەیە کە تیایدا دەژین. پەیوەندیی بە خەون و بە تایبەت خەونە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیانەوە هەیە. رووداو و پێشهاتانەکانی ئەم سێ رۆمانە و تەنانەت ئەو کورتە چیرۆکانەی کە بڵاوم کردووەتەوە، باکگراوندی مێژوویی، سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئاشکراو دیاریکراوی هەیە. بۆ نموونە باکگراوندی چیرۆکی گوڵی شۆڕان رووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی قۆناغێکی دیاریکراوە، کە بە سەرەتای جەنگی جیهانیی یەکەم دەستیپێکردووە و بە کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانیی دووەم و شکستی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردەکان و سەرکوتکردنی حکومەتی نیوە ئۆتۆنۆمیی کوردستان بە رابەرایەتیی قازی محەمەد کۆتایی دێت. باکگراوندی هەردوو رۆمانی باڵندەکانی دەم با و گرەوی بەختی هەڵاڵەش، رووداو و پێشهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی ئێران و ساڵانی پێش و دوای شۆڕشی ئیسلامییە. وەک دەبینی کە ئەم دوو قۆناغە مێژووییە بۆ ئێمەی کورد قۆناغی پڕ تین و تاوی خەباتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانە و هاوکات کەسایەتیی ناو رۆمانەکانی منیش هەرکامیان گیرۆدەی ئەم خەباتەن. بەداخەوە خەباتێکی بێ ئەنجام بە کۆتاییەکی تاڵ و تراژیدییەوە. راستە من رۆمانی سیاسیم نەنووسیوە، بەڵام هەندێ سوچی ژیانی ئەو مرۆڤانەم گێڕاوەتەوە کە ناچار لەژێر کاریگەریی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ئەم فەزا و هەلومەرجە سیاسییەدان. کەسایەتییەکانی ئەم رۆمانانە بەتایبەت هەندێ کەسی وەک لاس (لە گوڵی شۆڕان)، فەرهادو میهرەبان لە (باڵندەکانی دەم با)، سیامەند، شێرزاد، دکتۆر سەعید و




تەنانەت رەشید ئاغا لە «گرەوی بەختی هەڵاڵە»دا هەرکامیان بە شێوەیەک لە ژێر کاریگەریی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتیی سەردەمەکەی خۆیاندان. ئەوان پێش ئەوەی عاشق و هۆگری دولبەر و هاوسەرەکانیان بن، شەیدای خەونە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان، تێکۆشەری خەبات بۆ دەستەبەرکردنی ئەم خەونانەن. ناکامیی زۆربەی ئەم پیاوانە لە پەیوەندییە سۆزدارییەکانیان، بەتایبەتی لە هەر دوو رۆمانی گوڵی شۆڕان و باڵندەکانی دەم با-دا، لە راستیدا قەدەری بەهێزی خۆشەیستییەکەیان نییە، بەڵکو هەڵبژاردنی نێوان دوو بژاردەیە. گەیشتن بە وەسڵی یار یان بەشداری لە خەباتێک بۆ گەیشتن بە مەیلە سیاسییەکانیان کە هەمان رزگاریی کۆمەڵگەیە. ئازاری ئەمجۆرە ناکامییە عەشقی و عاشقانەیە تا رادەیەکی زۆر لەبەر ناکامی لە گەیشتنە بە رزگاری. ئەمە هەمووو بەسەهاتەکەش نییە. کارەساتەکە لەوێدایە کە ژیانی، خۆشەویستییەکەی، بۆ بەختەوەریی کۆمەڵگەیەک دەکەنە قوربانی، کە نەک تەنها رێز لە هەوڵەکانیان ناگرن، بەڵکو چییان ماوەتەوە، هاوسەر، منداڵ، ماڵ و حاڵەکەیان بە تاڵان دەبەن. (لاس لە گوڵی شۆڕان)، یان بە تەواوی لە بیریان دەکەن.

نامەوێ شیکاریی رۆمانەکان بکەم، ئەوەی ئەمەوێت بیڵێم ئەوەیە کە ناکامی کەسایەتییەکانی ئەم رۆمانانە (ژن و پیاو) تەنها ناکامیی عیشق و دڵداری نییە. ناکامی و نامورادی لە هەموو رەهەندەکانی ژیاندایە. ناکامیی ژیانی مرۆڤەکانی ئەم ناوچەیە لە برگەیەکی مێژووی ئەم میللەتەدا و لە هەلومەرجێکدا کە تاک دەبێ لە نێوان خۆی کۆمەڵگەکەی، عەشق و رزگاری، یەکێکیان هەڵبژێرێت. و ئەمەش بێگومان هەلومەرجێکی باش و هەڵبژاردەیەکی دروست نییە. رەنگە هۆکاری هەمووو ئەم ناکامی و بێ ئەنجامییە، هەمووو ئەم شکستانە، ئەم هەلومەرجە ناتەندروست و هەڵبژاردنە ناشایستە بێت. رەنگە و بێگومان، سەرکەوتن لە هەڵبژاردن و هەلومەرجێکی تردایە. واتە هەڵبژاردنی پێکەوەی عەشق و رزگاری و بەختەوەریی کۆمەڵگەیە، هەلومەرجێک کە تیایدا فیداکاریی تاک بەرز بنرخێنرێت.. بەهەرحاڵ...

***بارودۆخی ئەدەبی کوردی بە گشتی و رۆمان و چیرۆکنووسی کوردی، لە پێش شۆڕش و دوای شۆڕش، چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

–وەڵامی بەشی یەکەمی ئەم پرسیارە شیکردنەوەیەکی تێروتەسەلی پێویستە، کە لە توانای ئەم گفتوگۆیەدا نییە. رەخنە یان ستایشی گشتی بۆ سەدان و بگرە زیاتریش، لە بەرهەمی چیرۆک و شیعری بە یەک دوو رستە یان پەرەگراف و یاخود بگرە لاپەڕەش، هیچ لە باری ناوشانە لاوازەکەی مێژووی ئەدەبی ئێمە سووک ناکات. بەڵام پەیوەست بە چیرۆک و رۆمان ناچارم چەند رستەیەک دووبارە بکەمەوە، کە زۆریش وتراوە. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە باسی پێش شۆڕش و دوای شۆڕشتان کرد، دەبێ ئەوە قبوڵ بکەم کە مەبەستی پرسیارەکەتان ئەو چیرۆک و رۆمانانەیە کە لە کوردستانی ئێران و بە قەڵەمی نووسەری کوردی ئەم ناوچەیە نووسراون و بڵاوکراونەتەوە. لە پێش شۆڕشەوە کە من جگە لە دوو کتێبی پێشمەرگە و پێکەنینی گەدای قازی و قزڵجی و چەند لاپەڕەیەکی پەرتەوازەی هێمن و هەژار و...هیچی ترم نەبینیبوو. سەبارەت بەمانەش پێشتر هەندێ شتم وتووە و نووسیوە.




ئەزموونی ژیانی نووسەری کورد ئەزموونێکی دەوڵەمەندە، ئەگەری ئەوەی لەبەردەستە کە خەریکی ئەو ناوەرۆک و بابەتانە بێت کە هەمووو خەڵکی جیهان دەیانەوێت بیبیستن، بەڵام ئەمانە بەس نین. جۆری تێروانینی زۆربەی نووسەرانی ئێمە بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگەو رووداوەکانی دەورووبەرییان تا رادەیەکی زۆر سەتحی و نەریتییە



بۆ نموونە وتوومە ئەم کارانە سەرباری ئەو بەها تایبەتەی کە لەو قۆناغەدا هەیانبووە و هەوڵی نووسەرە گەورەکانیان، بەرهەمی درێژەدار نین، بەو مانایەی کە چیرۆک و رۆمانە گرنگەکانی دوای شۆڕش (ئەگەر شتی وا بوونی هەبێت) لە درێژە و بەردەوامیی ئەواندا نەنووسراون، یاخود کاریگەریی ئەو بەرهەمانەیان لەسەر نییە. لە دوا شۆڕشیش بێگومان چیرۆک و رۆمانی زۆر لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات چاپ و بڵاوکراونەتەوە. چەندین بەرهەم بە لاوازی و بە هێزی جۆراوجۆر و جیاوازەوە. هەڵسەنگاندنی تاکەتاکەی ئەم کارانەش لێرەدا نە دەکرێ و نە پێویستیشە. هەڵسەنگاندنی گشتی و تێکراییش وەک تێکەڵکردن و بە یەک چاو بینینی بەرهەمی کەم و زۆری هەندێک مرۆڤە، کەسیش بەمە خۆشحاڵ نابێت جگە لەوانەی بێ بەرهەمن و لاواز بەرهەمن.

***بۆچی کوردەکان نەیانتوانیوە لە ئاستی جیهانی و لە بواری رۆمان و چیرۆکنووسیدا وەکو نەتەوەکانی تر خۆیان بەرجەستە بکەن؟**

-یەکەمین وەڵامی من بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە: لەبەرئەوەی بە زمانی کوردی دەنووسن. دووەمین وەڵامیشم، چونکە بۆ کوردەکان دەنووسن نەک بۆ جیهان و سێیەمین وەڵامیشم بریتییە لەوەی کە مەگەر ئێمەی کورد لە چ بوارێکی تر لە جیهاندا ناومان هەیە، کە چاوەڕێی ئەوە بکەین لە بواری رۆمان و چیرۆکنووسیدا دیار بین؟ بێگومان چەندین وەڵامی تر... بەڵام لێگەڕێ هەر ئەم چەند وەڵامەی پێشووم کەمێک زیاتر فراوان بکەم. مەرجی یەکەم بۆ دەرکەوتن لە ئاستی جیهانی و تەنانەت ناوچەییدا، بوونی نووسەرێکە لەم ئاستانەدا کە ئێمە نیمانە. نووسەرێکمان نییە کە نیگایەکی کراوەی جیهانی و تەنانەت ناوچەیی هەبێت. نووسەرێک کە کۆتوبەندی بیری نەریتی و لۆکاڵیی دەربازبووبێت. ئێمە لە کۆمەڵگەیەکدا دەژین پڕ لە قەیران و ململانێ و دژیەکی، لێوانلێو لە رووداوی گەورە و بچوکی هەژێنەر، ئەزموونی ژیانی نووسەری کورد ئەزموونێکی دەوڵەمەندە، ئەگەری ئەوەی لەبەردەستە کە خەریکی ئەو ناوەرۆک و بابەتانە بێت کە هەموو خەڵکی جیهان دەیانەوێت بیبیستن، بەڵام ئەمانە بەس نین. جۆری تێڕوانینی زۆربەی نووسەرانی ئێمە بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگەو رووداوەکانی دەورووبەرییان تا رادەیەکی زۆر سەتحی و نەریتییە. زۆربەی نووسەرانی ئێمە هێشتا هێزی ئەوەیان نییە رووبەڕووی واقیع ببنەوە. لە واقیع هەڵدێن، لە رووکاری کۆمەڵگەدا کاردەکەن. توانای رۆچوونە ناو قوڵایی کۆمەڵگەو دەروونی مرۆڤیان نییە. هێشتا ناتوانن بەرهەمێک بخوڵقێنن کە بە هۆیەوە بتوانین مرۆڤی کورد، کۆمەڵگەی کوردی و ئەوەی بەسەر ئەم مرۆڤ و کۆمەڵگەیەدا هاتووە، بناسنەوە. زۆربەی نووسەرانەی ئێمە هێشتا توانای ئەفراندنی کەسایەتی و تاکێکیان نییە، کە نوێنەری کۆ نەبێت، تاکێک کە نە دێو بێت و نە فریشتە. بەدەر لە هەموو ئەمانەش، زۆربەی نووسەرانمان هێشتا زمان و فۆرم ناناسن. هێشتا ئەوە نازانن کە زمان کەسایەتیی مرۆڤە. فۆرم دەرچەی روانینە بۆ بوون، ئاشکراکەری شێوازی بیرکردنەوەی نووسەر و تێڕوانینیەتی بۆ کۆمەڵگە. هەموو ئەمانە بەو مانایە نایەت کە نووسەرانی کورد نەخوێندەوارن و ناخوێننەوە و لە شێوەی بیرکردنەوەی خۆرهەڵات و خۆرئاوا بێئاگان. بەو





مانایە نییە کە نووسەرانی کورد نازانن وتار بنووسن یان ڕەوانبێژی بکەن. بەڵکو بەو مانایەیە کە نازانن چیرۆک و ڕۆمان لە ئاست و ستانداردی جیهانی و باڵاتر لەوەی کە خوێنەری کورد داوای دەکات، بنووسن. بەرهەم لە ئاستی نووسەرانی وەک کۆندێرا، گۆنتەر گراس، یوسا و تەنانەت ئۆرهان پامۆک لە وڵاتێک کە لە باکوورەوە دراوسێمانە، بەڵام ئەگەر تەنانەت ئەمجۆرە بەرهەمانەش لەم کۆمەڵگەیەدا بنووسرێن، کێشەیەکی تر لە ئارادایە، کە وادیارە بڕیار نییە بەم زوانە چارەسەر بکرێت، واتە کێشەی زمان و وەرگێڕان. ئەدەب و بە تایبەت چیرۆک و ڕۆمانی کوردی بۆ ئەوەی بتوانن سەرنجی خەڵکی جیهان بەرەو خۆیان رابکێشن و دەربکەون، دەبێ وەربگێڕدرێن. وەرگێڕانی چەند بەرهەمێک بە یەک دوو زمان، لە لایەن خاوەن بەرهەمەکە و هاوڕێکانی، بڵاوکردنەوەی سنوردار و نوسخەی کەم لەلایەن چاپەمەنی و بڵاوکەرەوەی بێ ناوبانگ، ئەگەرچی شایانی دەستخۆشییە، بەڵام ناتوانێت ئەدەبی هیچ وڵاتێک بناسێنێت. ئەدەبی نەتەوەیەک ئەوکات لەئاستی جیهان و تەنانەت ناوچەییدا دەردەکەوێت و سەرنجی خوێنەران ڕادەکێشێت، کە بڵاوکەرەوەی بەناوبانگ و بڕواپێکراو داوا لە وەرگێڕە پرۆفیشناڵەکان بکەن بەرهەمەکانی ئەو نەتەوەیە وەربگێڕن و بودجەی تایبەتیان بۆ تەرخان بکەن. ئەو کارەی کە ساڵانێک بەر لە ئێستا بۆ ئەدەبی ئەمریکای لاتین و ئەورووپای خۆرهەڵات و ... کردیان و تازە خەریکن کەم کەم و بەکاوەخۆ بۆ چەند بەرهەمێکی ئەدەبی عەرەب و فارس و.. دەیکەن. بە کورتی: چیرۆک و ڕۆمانی ئێمە هێشتا جگە لە چەند کەسێک، نووسەری خۆی نەدۆزیوەتەوە. ئەدەبیاتمان بەسەریەکەوە نەک بۆ جیهان، بەڵکو بۆ خۆیشمان نەبووەتە پێویستییەک.

***بگەڕێینەوە بۆ کارەکانی خۆتان، یەکەمین کارێک کە لەسەر سنگی سپیی کاغەز نووسیتان و خستتانە بەرچاوی خەڵک چی بوو و دوای بڵاوکردنەوەی هەستت بە چی دەکرد و کاردانەوەی خوێنەران چۆن بوو؟**

-پێم وایە پێشتر وتم کە یەکەمین کۆمەڵە چیرۆکم (زریکە) بوو. ڕەنگە زیاتر لە یەک هەفتە دوای بڵاوکردنەوەی کتێبەکە و بینینی لە کتێبفرۆشی، خۆشحاڵییەکەم درێژەی نەکێشا. دڵەڕاوکێ و نیگەرانی زۆر زوو جێگەی خۆشحاڵییەکەمی گرتەوە. وام دەزانی پەلەم کردووە و دەمتوانی دەستپێکێکی باشترم هەبێت. ڕەنگە لەبەرئەوەی لە زیهنمدا چیرۆکی زۆرم بۆ نووسین هەبوو و وام دەزامی ئەوان باشترن. هەر ئەم دڵەڕاوکێیە بووە هۆی ئەوەی کە لەماوەیەکی کورتدا لە پاش بڵاوکردنەوەی «زریکە» پێنج تا شەش چیرۆکی نوێم نووسی. واتە ئەو کارانەی کە دواتر لە کۆمەڵە چیرۆکی «تەنگانە»دا بڵاوکرانەوە. چەند بەرهەمێک کە مەرج نییە باشتر بووبن، بەڵام جیاواز بوون. خوێنەران تا ئەو شوێنەی ئاگادار بم پێشوازیی باشیان لە هەر دوو بەرهەمە کرد. بەتایبەت کۆمەڵە چیرۆکی یەکەم کە یەکەمین کۆمەڵە چیرۆک بوو دوای شۆڕش نووسراو بڵاوکرایەوە. وەک بڵێی کارێکی زۆر گەورە و گرنگم کردبوو. ئێستا کە باسی ئەوەمان کرد، لێگەڕێ دوو بیرەوەریی ئەو ڕۆژانەی پێشوازی لە کتێبەکەتان بۆ باس بکەم. هاوڕێیەک بە بۆنەی چاپکردنی کتێبەکەوە بانگهێشتی کردم بۆ ماڵەکەی و منیش ڕۆیشتم. بەوپەڕی سەرسورمانەوە

زۆربەی نووسەرانی ئێمە هێشتا توانای ئەفراندنی کەسایەتی و تاکێکیان نییە، کە نوێنەری کۆ نەبێت، تاکێک کە نە دێو بێت و نە فریشتە. بەدەر لە هەموو ئەمانەش، زۆربەی نووسەرانمان هێشتا زمان و فۆرم ناناسن. هێشتا ئەوە نازانن کە زمان کەسایەتیی مرۆڤە



بینیم کە چوار نوسخە لە کتێبەکەی کڕیوەو لە تاقی ماڵەکەی بە جۆرێک کە بەرگی هەموویان دیار بێت، لە تەنیشت یەک داینابوون، دەتوت چوار وێنە یان تابلۆی وێنەکێشانی لای یەکتر ریزکردبوو. وتم بۆچی ئەم کارەت کردووە؟ وتی ئەو میوانانەی کە دێنە ماڵەکەم پێم خۆشە بزانن هاوڕێکەم بووە بە نووسەر، ئەمەوێت رێکلام بۆ کتێبەکەت بکەم. بە گاڵتەوە وتم ریکلام بۆ «هادی زیائەدینی» دەکەی کە وێنەی سەر بەرگەکەی کێشاوە. ئەو داماوە کوردیی نەدەزانی تا کتێبەکان بخوێنێتەوەو ناچاربووم کورتەی هەموو چیرۆکەکانی بۆ بگێڕمەوە. هاوڕێیەکی تریش دوای بڵاوکردنەوەی کتێبەکە، هاتە لام و دوای دنیایەک ستایش و پیاهەڵدان، کە تۆ مایەی شانازیی ئێمەی و چی و چی... پێکەنی و وتی هەڵبەت نابێ لە خۆت بایی بێت، چیرۆکنووسین لە راستیدا دروستکردنی درۆ و دەلەسەیە کە من لەم کارەدا نەک لە تۆ، بەڵکو لە هەموو کەسێک شارەزاترم. دواتریش وتی حەیف کە من تاقەتی نووسینم نییە. هەڵبەت پێشوازیی هەموو کەسێک لە کتێبەکە بەمجۆرە نەبوو، بە گشتی خەڵکی ئێمە خەڵکێکی لەخۆبردوون، لە هەڵەکانمان ئەبوورن، تەنانەت ئەگەر ئەم هەڵەیە نووسینی چیرۆکیش بێت!...

***چ کاتێک بڕیارت دا رۆمانی گوڵی شۆڕان بنووسیت؟ ئامانجت چی بوو؟ ئێستا پاش ساڵانێک لە رووی ئەدەبییەوە چۆن ئەو بەرهەمە هەڵدەسەنگێنیت؟**

-چیرۆکی نووسینی گوڵی شۆڕان، بۆخۆی چیرۆکێکی درێژە. چیرۆکی مرۆڤێکە وەک من کە دەیەوێت پێش ئەوەی سەربوردی خۆی بگێڕێتەوە، (باڵندەکانی دەم با)کەی بنووسێت، دەیەوێت ئاوڕێک لە دواوەی خۆی بداتەوە. بۆ رابردوو، رابردووی کۆمەڵگەکەی، رابردووی ئەو مرۆڤانەی کە بۆ رزگاریی ئەم کۆمەڵگەیە جەنگاون، خەباتیان کردووە، جەنگاوەری ناکام و تێکشکاو، جەنگاوەری لە یادکراو، ئەو مرۆڤانەی کە کۆمەڵگە تەنها شانازی بە مەرگیانەوە دەکات، نەک بە ژیان و تەنانەت خەباتەکەیان. لاس یەکێکە لەو مرۆڤانە. کەسێک کە رۆیشتووە بۆ رزگاریی کۆمەڵگەکەی بجەنگێت، تا دۆلکەیەک ئاو بۆ کوژاندنەوەی ئەو شارە بهێنێت کە لە ئاگری فیتنە و ئاشوبدا سووتاوە. ئەو دوای تێپەربوونی پانزە ساڵ بەسەر هەواڵی مەرگ و مردنەکەی، دیسانەوە ئەگەڕێتەوە، بەڵام کەس قبووڵی ناکات. نە دایکی کە هەموو ساڵانی غیابی کوڕەکەی، ماڵەکەی بە خوێنی دڵ پاراستووە، نە هاوسەر و نە براکەی، کە خیانەتیان لێکردووە! نە برا بچوک و نوقسانەکەی و تەنانەت کوڕەکەشی. من بە نووسینی ئەم رۆمانە دەمویست رابردووی کۆمەڵگەکەم بگێڕمەوە، رابردووی خێزانێک. قەدەری کوڕە گەورەی خێزانەکە کەسێک دیاریی ئەکات، کە لە رابردوو. دوورەکانەوە هاتووە. لە هەناوی مێژوو و نەریتەوە. مامە نادر لە رێگەی ناولێنانی لاس و کچە مامەکەی خانزاد، بە تەرکیزکردن لەسەر ئەفسانەی لاس و خەزال، لە راستیدا قەدەری ئەو دیاری دەکات. قەدەرێکی جەبرئاسا کە بە خۆشەویستی و خەبات دەستپێدەکات و بە مەرگ و ناکامی کۆتایی دێت. من دەمویست بەگێڕانەوەی ئەم ژیانەی کە قەدەر دیاری کردووە، ئەم خەبات و عەشق و ناکامییە بڕیارلێدراو و دووبارەیە، رابردوو بەبیر خۆم و هاونەوەکانم بهێنمەوە و ئاواتەخوازبم بەم بیرهێنانەوەیە، بەم




شایەتیدانە، کۆتایی ئەم قەدەر و دووبارەبوونەوەیە بهێنم. ئامادەیی یادگار، کوڕی لاس و خەزال لە چیرۆکەکەدا، نیشانەی هیوا و ویستی کۆتاییهاتنی ئەم قەدەر و دووبارەبوونەوەیەیە. بەڵام ئەمە تەنها بەشێک لە پاڵنەرەکانی من بوو بۆ نووسینی ئەم رۆمانە. پاڵنەری دیکەش هەبوو، تەنانەت پاڵنەری تاکەکەسی. دایکم لە تەمەنی دە دوانزە ساڵییەوە تا کاتی مردنی، واتە نزیکەی شەست ساڵ، چاوەڕوانی گەڕانەوەی برا تاقانەکەی دەکرد، کە لە ساڵانی پێش جەنگی جیهانیی دووەم ئەو و خێزانەکەی بەجێهێشتبوو. من بەهۆی ئەو خۆشەویستی و هەستە قوڵەی کە بەرامبەر بە دایکم هەمبوو، بەهۆی ئەوەی لە نزیکەوە بە ئازاری چاوەڕوانی بێهودەی ئەو ئاشنام، هەر لە مێردمنداڵییەوە حەزم دەکرد بە نووسینی چیرۆک یان رۆمانێک پەردە لەسەر ئەم ئازارە تاقەتپڕوکێنەی چاوەڕوانی هەڵماڵم. بەداخەوە رووداوەکانی گوڵی شۆڕان، لە دەرەوەی ویست و ئارەزووی من، دەرفەتی باسکردنی ئەم هەست و ئازارە قوڵە مرۆییەی پێنەدام. نەمتوانی لە هیچکام لە کەسایەتییەکاندا بەتایبەت دایکی لاس، ئازاری چاوەڕوانی دایکم بنووسمەوە. بەهەرحاڵ... بەڵام سەبارەت بە بەشی کۆتایی پرسیارەکەتان دەبێ بڵێم، دوای نزیکەی پانزە ساڵ کە بەسەر نووسینی ئەم رۆمانەدا تێدەپەڕێت، هێشتا زۆرم خۆش دەوێت و پێم وایە ئەم رۆمانە بۆ خوێنەری ئەمرۆش قسەیەکی بۆ وتن هەیە. ئەمەش پەیوەندیی بە بابەت و تێمی چیرۆکەکەوە هەیە. بەداخەوەم ئەبێ بڵێم کۆمەڵگەی ئێمە هێشتا زۆر لەو کۆمەڵگەیە دوور نەکەوتووەتەوە کە لاس تیایدا دەژیا. کولتووری ئەم کۆمەڵگەیە گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە. بەهاکانی ئەم کۆمەڵگەیە هەر هەمان بەهاکانی رابردوون. تێکۆشەرەکانی ئەم کۆمەڵگەیەش هەمان قەدەری دووبارە، دووپات دەکەنەوە. هێشتا دەکرێ ئەم کۆمەڵگەیە بە ناکامییەکانی لە ژیان و عەشق و خەباتەوە بناسینەوە. لە رووی ئەدەبیشەوە رۆمانی گوڵی شۆڕان یەکەمین ئەزموونی رۆماننووسیی منە، پێم وانییە ئەزموونێکی ناسەرکەوتوو بێت.

**کورتەیەک لە رۆمانی گوڵی شۆڕان:**

ئەم چیرۆکە بەسەرهاتی گەنجێکمان بۆ دەگێڕێتەوە بە ناوی لاس، کە لە ناو گۆڕانکارییە سیاسییەکانی دەیەی چل لە کوردستان، هاوسەرەکەی بە ناوی خانزاد جێدەهێڵێت و بەدوای دەستەبەرکردنی خەونەکانی خۆی دەبێتە بەشێک لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بە رابەرایەتیی قازی محەمەد. بەڵام دوای شکستی بزوتنەوە و ١٥ ساڵ دیارنەمان، بێهیوا و تێکشکاو دەگەڕێتەوە بۆ شار و ماڵەکەی خۆی، هەموو شتێک گۆڕاو و جیاواز لە رابردوو دێتە بەرچاوی. ئەو هەروەها لە ژینگەکەی ١٥ ساڵ پێشووتری خۆی دابراوە، کە دوای گەڕانەوە، هەستدەکات بە ژینگە و هەموو مرۆڤەکانی نامۆیە و نەناسراوە. خانزادیش لە غیابی ئەودا لەگەڵ برای لاس، هاوسەرگیریی کردووە و ژیانێکی نوێی دەستپێکردووە. زاراوەی گوڵی شۆڕان کە لە ئەفسانەی لاس و خەزالەوە وەرگیراوە، لە زمانی کوردیدا هێمایەکە بۆ خەون و ئارەزووەکانی لاس، کە بۆ بەدەستهێنانی و بۆ دەستکەوتنی خۆشەویستەکەی خەزال سەفەری کردبوو. بەڵام دوای پانزە ساڵ، هەست دەکات هەموو خەون و ئارەزووەکانی نەهاتووەتە دی و لە کۆتاییشدا لە



وەرگێڕانی چەند بەرهەمێک بە یەک دوو زمان، لە لایەن خاوەن بەرهەمەکە و هاوڕێکانی، بڵاوکردنەوەی سنوردار و نوسخەی کەم لەلایەن چاپەمەنی و بڵاوکەرەوەی بێ ناوبانگ، ئەگەرچی شایانی دەستخۆشییە، بەڵام ناتوانێت ئەدەبی هیچ وڵاتێک بناسێنێت



تەنهایی و بێهواییدا لە سوچێکدا دەمرێت.

***ڕۆمانی «باڵندەکانی دەم با» ژیانی ژمارەیەکی زۆر لە مرۆڤەکانی جیهانە کە دووچاری خەزانی خەونەکانیان بوون. ئێوە ئەم ڕێگەیەتان ئەزموون نەکردووە، بە چ ڕێگەیەک کەرەستەکانی بینای ڕۆمانی باڵندەکانی دەم با-تان بەدەستهێناوە؟**

-بە پێچەوانەی بۆچوونی ئێوەوە، باڵندەکانی دەم با زیاتر لە هەموو چیرۆکێکی تر لە منەوە نزیکە، لە ژیانی واقیعی و زیهنی خۆم. زیاتر لە هەموو کاراکتەرێکی تر هەست بە نزیکی و چونیەکی لە فەرهاد و میهرەبان ئەکەم. زیاتر لەوانی تر کاڵێ و ئەفسانە دەناسم و لەگەڵیاندا ژیاوم. هەندێجار بە خۆم ئەڵێم ئەمە ژیاننامەی خۆمە. نامەی ژیانی مرۆڤێک کە لە گڵۆڵەی ونی گێڕانەوەدا، لە چەند چیرۆکێکی تێکچرژاو یان باشترە بڵێم لە چیرۆکێکی پەرش و پەرتەوازەدا، خۆی شاردووەتەوە. چەند کەسێک دەربارەی ئەم ڕۆمانە نووسیویانە و خۆیشم لە یەک دوو گفتوگۆدا چەند دێرێکم وتووە. بەڵام نە ئەوان و نە خۆیشم ئەوەی کە دەبوو بوترایە، نەمان وتووە. بۆ نموونە دەربارەی شوێن و کاتی ڕووداوەکان، (کێ)بوونی کەسایەتییەکان، دەربارەی گێڕەرەوە، تەنیایی و خەڵوەتی گێڕەرەوە، جیهانە زهنییەکەی، ئەو ژوورە بە دووکەڵ قاندراوەی کە تیایدا شتەکان دەگێڕێتەوە، زۆر شتی تر کە ئەم ڕۆمانە دەکاتە گێڕانەوەی ژیانی من. گێڕانەوەی ژیانی ئێمە، گێڕانەوەی ژیانی نەوەیەک کە وەکو خۆتان وتتان گەیشتووەتە خەزانی ئاواتەکانی. نەوەیەکی داماو و بێدەرەتان، کە وەک بڵێی تاک بە تاکی مرۆڤەکانی یەک ژیان ژیاون. هەموویان وەکو یەک ژیاون. ئەگەر لە بیرتان بێت لەڕۆمانەکەش گێڕەرەوە یان ڕەنگە میهرەبانی چیرۆکنووس دەڵێت دەمەوێت ژیانم بنووسمەوە. ژیانی فەردیی خۆم، بەڵام وادیارە خەریکم ژیانی هەمووان دەنووسمەوە. وەک بڵێی هەموومان وەکو یەک ژیاوین. گرنگ نییە نیگارکێش بین یان چیرۆکنووس، لە نیشتمان بین یان لە غوربەت و سەفەر، گرنگ نییە کاڵێ بین یان ئەفسانە و یاخود تەنانەت لەیلا، گرنگ ئەوەیە کە هەموومان دووچاری لە بیرچوونەوە بووین. هەموومان ژیان و ڕابردوومان ونکردووە. هەموومان (پیاوان) شەوان خەونی ئەو ژنانە ئەبینین کە لە بڵێسەی ئاگردا دەسوتێن، ئەو ژنەی کە لە ڕابردووی ژیانماندا جێمانهێشت، ئەو ژنەی کە کردمان بە قوربانیی بیروباوەڕەکانمان، قوربانیی باوەڕی سیاسیمان، قوربانیی قوربانیدانمان، ژنێک کە بەبێ ویستی خۆمان قوربانیمان کرد، بە بێ ویست؟ تەنانەت ڕای ئەویشمان وەنەرگرت، ڕاوێژمان لەگەڵ نەکرد، هاوڕێیەتیمان قبوڵ نەکرد، ئەم ژنە، ئەم ژنانە، لە بڵێسەکانی ئاگردا دەسوتێن. ساڵانێکی درێژە ئەسوتێن، لە واقیع و لە زهنیەتی ئێمەدا، لە خەون و کابووسی شەوانەمان. ئەو ژنەی کە لە دەستپێکی سەرەتا و بێ ژمارەی ڕۆمانەکە خەریکە ئەسوتێت، دووبارەبوونەوەی بەردەوامی واقیعە لە کابووسی شەوانەی مندا. لە کابووسی شەوانەی گێڕەرەوەدا، فەرهاد و میهرەبان و هەموومان، هەموو ئەم نەوە سوتاوە، نەوەی توشبوو بە فەرامۆشی و فەرامۆشکراو، نەوەیەک کە من ئەمەوێت بە چەند پارچەیەک لە یادەوەرییەکانی، بە چەند کاغەزێکی پەرشی ناو با، بیخەمەوە بیرخۆی و ئەوانی تر. من گێڕەرەوەی ئەم نەوەیەم، گێڕەرەوەی ژیانی خۆم کە هاوشێوەی ژیانی هەموانە، خودی ژیانی هەموانە.







**کورتەیەک لە رۆمانی باڵندەکانی دەم با:**

حیکایەتی نووسەرێکە بە ناوی میهرەبان، کە لە دوای چەندین ساڵ دووری و غوربەت گەڕاوەتە بۆ نیشتمان و ئەیەوێت چیرۆکی عاشقانەی نێوان عاشق و مەعشوقێک بەناوی فەرهاد و کاڵێ بنووسێتەوە. میهرەبان کەسێکی شۆڕشگێڕە، کە بە نووسینی چیرۆکی عەشقێکی ناکام، لە راستیدا چیرۆکی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە. کە لە رەوتی چالاکییە سیاسییەکانی خۆیدا ناچاربووە وڵاتەکەی جێ بهێڵێت و لە خۆشەویستەکەی کە ناوی ئەفسانەیە جیابێتەوە و لەوپەڕی بێهیوایی و ناکامیی خۆیدا ئەفسانە بەجێدەهێڵێت. لەدوای ئەو ئەفسانە هاوسەرگیرییەکی ناسەرکەوتوو دەکات و لە کۆتاییدا بۆ هەڵهاتن لە فشاری بیرەوەرییەکانی رابردووی خۆی و ئەو ئازارانەی کە بە هۆی ژیان لەگەڵ مێردە بەدگومان و بەدبینەکەی توشی بووە، خۆسوتاندن و خۆکوشتنی بە تەنها رێگەی خۆی دەزانێت. میهرەبان کە لەپاش گەڕانەوە بۆ نیشتمان خۆی لەبەردەم شکستی خۆشەویستی و نوشوستی خەباتی سیاسیدا دەبینێتەوە، لە کۆتاییدا دەبێتە زاهیدێکی گۆشەگیر و تەنانەت هاتنەناوەوەی کچێکی دڵڕفێن و شاعیر بە ناوی لەیلا ناتوانێ هیچ گۆڕانێک لە ژیانیدا دروست بکات، تا ئەو شوێنەی کە کاتێ لەیلا پێی دەڵێت با قارەمانی نوێی چیرۆکە عاشقانەکەی ئەو بێت، میهرەبان هیچ بایەخێکی پێ نادات. دواجار میهرەبان هەستدەکات هەموو دەرگاکانی بە روودا داخراوە و هیچ هۆکارێک، تەنانەت عەشقیش ناتوانێت ژیانی سارد و پڕ لە نائومێدی ئەو بگۆڕێت.

***ئەمجارە ئێوە لە رۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵەدا نیشانەتان لە ئامانجێکی تری کولتووری کوردی گرتووە، کولتوورێک کە بەبڕوای ئێوە شایانی کارلەسەرکردنە، دەتوانن ئەمەمان زیاتر بۆ روون بکەنەوە؟**

-خۆزگە بتانوتایە مەبەستی ئێوە لەو قسەیە چییە، کە من لەم رۆمانە نیشانەم لە ئامانجێکی تر گرتووە! رەنگە مەبەستت ئەو کۆت و بەندانە بێت کە نەریت، نەک کولتوور، کردوویەتیە دەست و پێ و گیانی ئەم خەڵکەوە. کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی نەریتییە، خەڵکی کورد و تەنانەت تێکۆشەران و خەباتکارانی رێگەی ئازادیش، هێشتا پابەندی نەریتەکانن. نەریتی پیاوسالاریی پیاو و باوک و مێرد لەسەر ژن. لەم نەریتە بە رواڵەت پیاو و مێرد و باوکسالارەدا، ئەوەی کە سالاری راستەقینەیە، نە ژنە و نە پیاو، بەڵکو خەنجەرە. خەنجەرێک کە لە چەندان سەدە و هەزارەی بەر لە ئێستا، لە خاکدا نێژراوە. نەک لە خاک یان لە زهنی خاکی ئێمەدا. خەنجەرێک کە هەندێجار بە پشتوێنی پیاوانەوەیە و هەندێجار لە سنگی قڵشاوی ژنان. هەڵاڵە لەم خەنجەرە هەڵدێت. لەم نەریتە کە ساڵانێک جنسیەت و مێیینەیی فڕاندووە. لەم نەریتە ئاشقکوژە. نەریتێک دەسەڵاتی خەڵوەت و تەنهاییەکەی لێ وەرگرتووە و دەسەڵاتی هەڵبژاردنی شەریکی ئەم تەنهایی و خەڵوەتەش، هەڵاڵە بەرەو شوێنێکی تر هەڵدێت، بەڵام قەدەری ئەو ئەمەیە کە ئەم خەنجەرە، ئەم میراتەی باووباپیران، شاخ بە شاخ و شار بە شار و وڵات بە وڵات لە دوای بێت. لە ژێر خاکەوە بۆ پشتوێنی باوک، لە تاقی ماڵەوە بۆ ناو دەستی مێرد و بۆ سنگی قڵشاوی خۆی.

گرەوەی بەختی هەڵاڵە چیرۆکی سەفەری رۆڵەکانی



باڵندەکانی دەم با زیاتر لە هەموو چیرۆکێکی تر لە منەوە نزیکە، لە ژیانی واقیعی و زیهنی خۆم. زیاتر لە هەموو کاراکتەرێکی تر هەست بە نزیکی و چونیەکی لە فەرهاد و میهرەبان ئەکەم. زیاتر لەوانی تر کاڵێ و ئەفسانە دەناسم و لەگەڵیاندا ژیاوم. هەندێجار بە خۆم ئەڵێم ئەمە ژیاننامەی خۆمە



ئەم سەرزەمینەیە، کۆچێکی ئارەزوومەندانە نا، بەڵکو ناچاری. تەرکی نیشتمان و ژیان لە غوربەتدا. من پتر لە دوو دەیە بیرم لە غوربەت و ژیانی غوربەت کردووەتەوە. ژیان لەو شوێنەی کە ئەزموونم نەکردووە، نەشم دەتوانی وێنای بکەم. هەمیشە حەزم دەکرد بزانم هاوڕێ و هاونیشتمانیانی غوربەت چۆن دەژین. دەمویست ژیانی ئەوان بە غوربەتدا بگێڕمەوە. تا ئەوەی ئەگەری نووسینی ئەم رۆمانەم بۆ دروستبوو. ئەگەری گێڕانەوەی چەند گۆشەیەکی ژیانی مرۆڤەکانی ناو غوربەت و نیشتمان. دەربارەی ژیانی غوربەت جگە لەم رۆمانە، وتارێکیشم نووسیوە (کێ غوربەتی ناو تاراوگەمان بۆ دەگێڕێتەوە؟) غوربەت هەلومەرجێکە کە لەناویدا زۆرێک کە ململانێ و دژیەکییەکانی ژیانی بەرهەست و زیهنی مرۆڤەکان بەرجەستە ئەکات. ژیان لە غوربەتدا، ژیانە پێکەوە لە نیشتمان و نانیشتماندا. مرۆڤی غوربەتنشین، لە یەککاتدا مرۆڤی ئامادە و نائامادەیە لە نیشتمان و بێ نیشتمانیدا. ژیانی هاوکات لە دوو شوێنی جیاواز. هەناسەی هاوکات لە دوو فەزای جیاوازی کولتووری، قورس و دژوارە. مرۆڤی دابراو لە وڵات مرۆڤێک نییە گەیشتبێتە وڵاتێکی تر، بەڵکو مرۆڤێکی هەڵواسراوە، ئەم ئەزمونی هەڵواسراوییە واتای ئامادەبوونە لە هیچ شوێنێک. و ئەزموونی ژیان لە دوو کولتووری جیاواز مانای ئەزموونی ژیانە لەبەردەم شوێنی یەکتربرینی دوو جادەدا. ئەزموونی نائارامی و دڵەڕاوکێی و لاوازی.

**کورتەی رۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵە:**

ئەم رۆمانە گێڕانەوەی چیرۆکی کچێکە بەناوی هەڵاڵە، کە بە هۆی هەلومەرجی سیاسیی سەردەمی خۆی و ژیانی پارتیزانیی باوکی، ناچار دەبێت لەگەڵ خێزانەکەی، دەیەی دووەمی ژیانی خۆی لە ئاوارەیی و دوور لە شار و نیشتمان، ژیانی لە کەمپە سەربازییەکانی یەکێک لە پارتە سیاسییەکان بگوزەرێنێت. ئەو کە هەمیشە تا کاتی مێردمنداڵی باوکی وەک قارەمان دەبینی، لەناکاو دەزانێت کە باوکی لە غیابی خێزانەکەی، لەگەڵ کچێکی گەنج و جواندایە. لێرەوە ئەفسانەی باوکی قارەمان لەبەرچاوی دادەڕوخێت و هەمیشە باوکی بۆ ئەم کارەی، کە کردوویەتی سەرکۆنە دەکات.

بەڵام زیرەکی و ژیریی هەڵاڵە وادەکات کە باوکی هەمیشە خۆشی بوێت و پاش ناکامبوون لە گەیشتن بە خۆشەویستەکەی (برایمۆک) کە لە چالاکیەکی زستانە لە کوێستانە ساردەکانی کوردستان گیانی سپاردووە، بە هاندانی باوکی لەگەڵ براو خوشکەکانی بۆ هەڵهاتن لە هەلومەرجی نالەباری کەمپەکە بەرەو هەندەران دەڕوات و پاش ماوەیەک بە فشاری باوکی شوو بە کوڕێک دەکات بەناوی شێرزاد. ژیانی هەڵاڵە و شێرزاد بە رواڵەت لەسەرەتادا ژیانێکی شیرین و پڕ لەخۆشەویستی دەردەکەوێت، بەڵام پاش ماوەیەک بەهۆی ئەو جیاوازییەی کە لە نێوانیان دروست ئەبێت و لەبەر قبوڵنەکردنی هەلومەرجی نوێ و ژینگەی نوێ، لەلایەن شێرزادەوە ژیانیان بەرەو قەیران دەڕوات. هەڵاڵەش کە لە زانکۆ ئەخوێنێت و لە کەناڵێکی رادیۆش کاردەکات، ناتوانێت لە ژێر رکێفی بیروباوەڕی نەریتی و بەهاکانی شێرزاددا بمێنێتەوە. لێرەوە کەلێنێکی گەورە لە نێوانیان دروست دەبێت. لە ئەنجامدا هەڵاڵە پاش جیابوونەوە، پەیوەندی لەگەڵ پیاوێکی تر دروست دەکات. بەڵام شێرزاد

# نووسەرێکمان نییە
# نیگایەکی کراوەی جیهانی و تەنانەت ناوچەیی هەبێت

ناتوانێت بەرگەی ئەم دووری و پەیوەندییە تازەیەی هەڵاڵە بگرێت، هەر بۆیە بە خەنجەر دەیکوژێت.

***ئێوە بە جوانی ژیانی کچ و ژنی کوردتان نووسیوەتەوە، بەڵام ئایا بیریشتان لەوە کردووەتەوە کە قارەمانەکانی ڕۆمانەکانی ئێوە لە داهاتوودا لەبری چارەنووسێکی سەرنەکەوتوو و خۆشەویستییەکی ناکام، براوەی مەیدانی خەباتی کولتووری بن؟**

-هیوادارم وابن. لە ڕاستیدا ئەزانم عاشقبوون ڕۆح و دەروونی مرۆڤ ناسک ئەکاتەوە. بەڵام نازانم شکستی عیشق و ناکامی دەبێتەهۆی سەرکەوتن لە خەبات و بەتایبەت خەباتی کولتووریدا یان نا. زۆرێک لە شاعیران و نووسەران و تێکۆشەران و کولتوورسازان، شکستی و ناکامیی خۆشەویستییان ئەزموون کردووە. مرۆڤەکان و بەتایبەت مرۆڤە هەستیارەکانی وەک ئەوانەی لەسەرەوە باسم کرد، هەوڵدەدەن ئەمجۆرە ئەزموونە سۆزداری و هەستەکییە بکەنە کانگای ئیلهام بۆ کارە هونەری و ئەدەبی و کولتوورییەکانیان، منیش پێم وایە لە نێوان ئەزموونی سۆزداری و هەستی و داهێنانی هونەری و ئەدەبیدا پەیوەندییەک لەئارادایە. بەڵام پێم وانییە و مەرج نییە هەر مرۆڤێکی ناکام و شکستخواردوو ببێتە شاعیر و هونەرمەندو فەرهەنگییەکی سەرکەوتوو. پێم وانییە بۆ سەرکەوتن لەم بوارانەدا شکست و ناکامیی سۆزداری زەرووری بێت.. بەهەرحاڵ...

***ئێوە باش دەزانن کە ژمارەیەکی کەم لە خەڵکی کورد ئەتوانن بە زمانی کوردی بنووسن و بخوێننەوە، بۆچی ئێوە کتێبەکانتان بۆ زمانی فارسی یان عەرەبی و کوردی وەرناگێڕن تا میللەتی کورد و میللەتانی تریش سودی لێ وەرگرن؟**

-چەندینجار ڕووبەڕووی ئەم پرسیارە زۆر لۆجیکییە بوومەتەوە. هەم لەلایەن هاوڕێ کورد و هاوزمانەکانی خۆم، هەم لەلایەن دۆستانی چیرۆکنووسی فارس، کە یەک دوو کورتە چیرۆکی منیان بە فارسی خوێندووەتەوە. پرسیارەکەی ئەوان لەو لایەنەوە لۆجیکییە کە دەزانن دەتوانم بە هەر دوو زمانی کوردی و فارسی بنووسم. چیرۆکەکانی کۆمەڵەی (ئەو باڵندە بریندارە کە منم) بە هەر دوو زمانی کوردی و فارسی نووسیوە. دەقی کوردیی چیرۆکەکەم چەند ساڵێک بەرلەئێستا بڵاوکردەوە. بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی دەقە فارسیەکەش، بڵاوکەرەوەی باش هەبووە و هەیە. بەڵام من تەممەڵ بووم، ئەگەرچی لە نووسیندا کەسێکی زۆر تەممەڵ نیم، بەڵام بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی نووسینەکانم بەتایبەت بۆ دیسانەوە چاپکردنەوەی نووسینەکان و ئەوانەی کە چەندین ساڵ پێشتر نووسراون و ئێستا تەنانەت خۆیشم لام نەماوە، زۆر تەممەڵم. بۆ وەرگێڕانی ئەوانەش ئەوە هەر باسی مەکە... نزیکەی ساڵ و نیوێک بەر لە ئێستا بڵاوکەرەوەیەکی باش و پڕکار و پڕۆژە لە تارانەوە هاتبوو بۆ بانە. بە میهرەبانییەکی زۆرەوە داوای نوسخەی کۆمەڵە چیرۆکی (ئەو باڵندە بریندارە کە منم)ی کرد، کە تەنها کاری سەرلەنوێ پیاچوونەوە و ڕێککردنی مابوو، ئەگەرچی بەڵێنم دا کە لەماوەی یەک مانگدا کتێبەکە بگەیەنمە دەستیان، بەڵام تا ئێستا کەمتەرخەمیم کردووە. هەروەها پێشنیاری وەرگێڕانی دوو ڕۆمانی (باڵندەکان و گرەوی بەختی هەڵاڵە)ی خستە بەردەم دوو وەرگێڕی کورد، کە تا ئێستا بەدوای ئەو کارەشدا نەچووم. لە ڕاستیدا



ئەزانم عاشقبوون ڕۆح و دەروونی مرۆڤ ناسک ئەکاتەوە. بەڵام نازانم شکستی عیشق و ناکامی دەبێتە هۆی سەرکەوتن لە خەبات و بەتایبەت خەباتی کولتووریدا یان نا



من جگە لە زمانی کوردی و فارسی هیچ زمانێکی تر لە ئاستی نوسین و وەرگێڕاندا نازانم. ئەگەر بیشم زانیبا وادیارە جیاوازییەکی ئەوتۆی نەدەبوو، بێگومان درک بە زەرووڕەتی وەرگێڕانی بەرهەمەکان دەکەم. خۆم چەندین رۆمان و کۆمەڵە چیرۆکی نووسەری ئێرانی و بیانیم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. بە پێویستیشی ئەزانم کەسێک یان چەند کەسێک هیممەت بکەن و کارەکانم بخەنە سەر زمانەکانی تر و بڵاوی بکەنەوە. بەڵام پێم خۆش نییە خۆم ئەو پێشنیارە بۆ کەسێک یان شوێنیک بکەم. من مرۆڤێکی لەخۆبایی نیم، بەڵام مرۆڤێکی وریاش نیم. گەمژانە پێم وایە ئەگەر کارەکانم بایەخی وەرگێڕانی هەبێت، کەس یان کەسانێک دەبن کە بەبێ خواست و بەدواداچوونی من وەریان بگێرن. هیوادارم ئەم کەسانە هەبن و زەحمەتی ئەم کارە لە ئەستۆ بگرن.

***چۆن دەڕوانیتە داهاتووی ئەدەبی کوردی؟**

-زۆرکەس پێیان وایە من لە رادەبەدەر رەشبین و بەگومانم، ئەمڕۆ کە زمانی کوردی لەگەڵ ئەوەی زیاد لە جاران لەلایەن خەڵکەوە گرنگیی پێ دەدرێت و توانستێکی رێژەیی بۆ گەشەکردن و فراوانکردن و داهێنان هەیە، بە بڕوای من زیاد لە هەرکاتێکی تر رووبەڕووی هەڕەشە و مەترسی بووەتەوە. ئەمە بۆ ئەدەبی کوردیش راستە، بێگومان ژمارەی ئەو شاعیر و نووسەرانەی کە بەم زمانە دەنووسن، رێژەی خوێنەران و چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەم لە فەزای واقیعی و مەجازیدا لە جاران زیاترە، ئاشنایی شاعیر و نووسەرانیش بە ئەدەبی جیهانی، خوێندەواری خەڵک و خواستی ئەوان بۆ ئەدەبیش باشتر و زیاتر بووە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەدەب و بەرهەمە ئەدەبییە کوردییەکان، چ ئەمڕۆ و چ لە داهاتوودا، بەراورد بە خۆی و لەئاست گەشەکردن و گەشەنەکردن و بارودۆخ و شوێنگەی شاعیر و نووسەرەکان، هەڵناسەنگێنن. ئەدەب و بەرهەمە ئەدەبییە کوردییەکان، چ ئەمڕۆ و چ داهاتوو، تەنها و تەنها بە ستانداردی ئەدەبی و بەراورد بە ئەدەب و بەرهەمی ئەدەبی ناوچەکە و جیهان هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت. بەداخەوەم کە دەڵێم بەشێکی زۆر و ئێجگار زۆری بەرهەمە کەمە ئەدەبییەکانی ئێمە، بەتایبەت لە بواری چیرۆک و رۆماندا، کاری لاواز و لە باشترین حاڵەتدا کاری مامناوەندن، کە بۆ پێشبینیی داهاتووی ئەم بەشە لە ئەدەبی ئێمە مژدەبەخش نییە. بەڵام نابێ ئەوەمان لە بیر بچێت کە هەمیشە ئەگەری دەرکەوتنی نووسەری داهێنەر و خوڵقاندنی بەرهەمی سەرسامکەر لەئارادایە. هیوادارم داهاتوو پانتایی دەرکەوتنی چەند نووسەرێکی لەمجۆرە بێت کە نوقسانیی بیرکردنەوە و ئەدەبی ئەمڕۆمان بە میرات وەرنەگرن.

*نووسەر لێرەدا گەڕاوەتەوە بۆ کتێبەکانی پۆلی یەکەمی سەرەتایی و هەموو ئەوانەی پۆلی یەکەمی سەرەتاییان لە ئێران خوێندووە، بەم دێرە ئاشنان. هاوشێوەی ئەم دێرە لە کوردستانی باشوور بریتییە لە (دارا دوو داری دی). کە هەندێجار لای نووسەر و ئەدیبان حاڵەتێکی نۆستالژی وەردەگرێت، وەك گەڕانەوە بۆ رابردوو و منداڵی.

**دێرە شیعرێکی فارسییە (از صدای سخن عشق ندیدم خوشتر).

**ئەم گفتوگۆیە لە ماڵپەڕی (عەتا نەهایی)یەوە وەرگیراوە.**